# یارمر بێن له ژاەکییەتیمەی ودێراچی
# پەرس‌تاریدا، من ماف چیم هەیە؟

(ab 01.01.2025)

| | ئاستی چاودێری 1 | ئاستی چاودێری 2 | ئاستی چاودێری 3 | ئاستی چاودێری 4 | ئاستی چاودێری 5 |
|---|---|---|---|---|---|
| **بەشی چارەسەری تەندروستی-کورتخایەن** | | | | | |
| دەرماڵەی چاودێری مانگانە | - | € 347 | € 599 | € 800 | € 990 |
| خزمەتگوزاری خانەی بەساڵاچوان (سوودەکانی چاودێری-بە-جۆرکراو مانگانە | - | € 796 | € 1,497 | € 1,859 | € 2,299 |
| | | دەکرێت هەتا 40% لە سوودەکانی چاودێری-بە-جۆرکراو بۆ خزمەتگوزارییەکانی یارمەتیدانی دانپێدانراو بەکاربهێنرێت. | | | |
| سوودە کۆمەڵیەکان | - | ئەگەر سوودەکانی چاودێری-بە-جۆرکراو بە تەواوی بەکارنەهات، ئەوا مافداربوون بۆ دەرماڵەی چاودێری ڕێژەدار بوونی دەبێت. ن.م. ئەگەر 60% لە سوودەکانی چاودێری-بە-جۆرکراو بەکارهێنرا، ئەوا هێشتا دەکرێت 40% لە دەرماڵەی پارە بدرێت. | | | |
| چاودێری ڕۆژانەی خانەی بەساڵاچوان مانگانە | - | € 721 | € 1,357 | € 1,685 | € 2,085 |
| بڕی هاوکاری مانگانە | € 131<br>(هەروەها دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ چاودێری سەرەتایی خانەی بەساڵاچوان لە ئاستی چاودێری 1) | | | | |
| چاودێری کورتخایەن ساڵانە | - | ت یپردن بەبراککردن: بەرەە (بەدتهەف 6 یەۆ ماوب وا ساڵێکی تەورۆ هەب € 1,685 واوەکتهە لە تێرکبنی گێر جتا € و دو2,528ۆ ب تێرادبکی € ز843کە لە ەڕبتێرکەد .)ن ی ژمتاک .تروک -ەماو ی چاودێریماڵەردە رەبمارە | | | |
| چاودێری ماوە-کورت ساڵانە | - | هەتکەاوو € 1,854 بۆ هەر ەوتکیێساڵاو (بۆ ئەوپەڕی هەف 8تە). دەکرێت بڕەکە هەتکەاوو ز € 3,529یادبکرێت و دواتر جێگیربکرێت لە بەرامبەر دەرماڵەی چاودێری کورتخایەن . | | | |
| بڕی هاوبەشی ساڵانە **لە چاودێری پشوودان و چاودێری کورتخایەنەوە (کەسانی خوار تەمەن 25 ساڵ کە خاوەنی چاودێری پلەی 4 یان 5ن)** | | - | | € 3,539 | € 3,539 |
| پاڵپشتی چاودێری و ڕێوشوێنی گۆڕانکاری | پاڵپشتی تەکنیکی: بەشێوەیەکی گشتی بە قەرز<br>کەرەس‌تەکانی بەکارهێنان: مانگانە €42<br>بەرەوپێشچوون بۆ ژینگەیەکی نیشتەجێبوون: هەتاوەکو €4,180 | | | | |
| دڵنیایی کۆمەڵایەتی بۆ چاودێریکەر | - | بەخشینەکان بۆ موچەی یاسایی و بێکاری و دەدرێن ئەگەر چاودێریکەر:<br>• لانیکەم 10 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا لە لانیەکەم 2 ڕۆژ / هەفتەیەکدا چادێری دابین بکات<br>• بەشێوازی سوودمەندبوون دانەمەزراوە بۆ ژیاتر لە 30 کاتژمێر / هەفتە.<br>• هێشتا موچەی خانەنشینی-بەتەمەنی وەرنەگرتووە.<br>ئەو چاودێریکارانەی (لە نێوانیاندا خانەنشینان و پیشەییەکان) کە لانیکەم بۆ ماوەی 10 کاتژمێر لە هەفتەیەکدا لە ماوەی لانیکەم 2 ڕۆژ/هەفتەدا چاودێری پێشکەش دەکەن، ئەوا لە بەرامبەر ڕووداوەکان بەپێ ئەوەی پێویست بکات بەشداری بکەن دڵنیاییان پێدەبەخشرێت. | | | |
| دەرماڵەی پشتگیری چاودێری **ساڵانە** | یارمەتی گۆڕینی مووچە بۆ فەرمانبەران کە یەکسانە بە 90%ی مووچەی تەواو بۆ زۆرترین ماوەی کارکردن کە 10 ڕۆژە بۆ هەر کەسێک کە پێویستی بە چاودێری و ساڵنامە هەیە (بۆ ڕێکخستنی دۆخی چاودێری چڕ) | | | | |
| **بەشی نیشتەجێکردن / ژیانکردنی هاوکاریکراو** | | | | | |
| چاودێری نیشتەجێبوونی مانگانە (لە ماڵێکدا) | € 131 | € 805 | € 1,319 | € 1,855 | € 2,096 |
| سوودەکانی ژیانکردنی هاوکاریکراوی مانگانە | € 224 | | | | |
| **ئامۆژگاری** | | | | | |
| چاودێری گشتی و خولەکانی چاودێریکردن | بەڵێ | | | | |

# سوودەکانی دڵنیایی چاودێری درێژخایەن
# ئایا ئەمە مانای چییە؟

| | |
|---|---|
| **بەشی چارەسەری تەندروستی-کورتخایەن** | |
| دەرماڵەی چاودێری | ئەو کەسەی کە لەلایەن ئەندامانی خێزانەکەیەوە کە چاودێری پێشکەش دەکەن پشتگیری بکرێت، ئەوا دەرماڵەی چاودێری پێدەبەخشرێت. هەتا کەسێک پێویستی بە پشتگیری زیاتر بێت، دەرماڵەی چاودێریی زیاتر دەبێت. |
| سوودەکانی چاودێری بە جۆرکراو | سوودی چاودێری بە شێوەیەکی جۆری بریتییە لە یارمەتی خزمەتگوزارییەکانی چاودێری دەرەوەی نەخۆشخانە، واتە ستافی شارەزا، لەماڵەوە. پارەی خزمەتگوزاری چاودێری ڕاستەوخۆ لەلایەن بیمەی دڵنیایی چاودێرییەوە دەدرێت. ئەو کەسەی کە پێویستی بە چاودێری هەیە، ئەوا لەگەڵ خزمەتگوزاری چاودێریدا گفتوگۆ دەکات لەسەر ئەوی چەند جار سەردان دەکات و چی پێشکەش دەکات. |
| **خزمەتگوزارییە ئاوێتەکراوەکان** | ئەگەر کەسێک لە هەمان کاتدا پشتگیری لە کەسوکاری چاودێر و خزمەتگوزاری چاودێری وەربگرێت، ئەوا دەکرێت دەرماڵەی چاودێری و یارمەتییەکانی چاودێری ئاوێتە بکرێت. |
| چاودێریی ڕۆژانە | چاودێریی ڕۆژانە بریتییە لەو شوێنەی کە ئەو کەسانەی پێویستیان بە چاودێری هەیە، لە ماوەی ڕۆژدا لەلایەن ستافی پسپۆڕەوە چاودێریان دەکرێت. تەواوکەری چاودێریی ماڵەوەیە. |
| دەرماڵەی پشوودان | بڕوانامەی چاودێریکردن هەبێت ئەوا دەتوا تێنداوای ئەو بڕە پارەیە بکات کە پێی دەوترێت یارمەتی ە دەتوانرێت ئەمە بۆ خزمەتگوزاری پشگیرییە دانپێدانراوەکان بەکاربهێنرێت، کەوو هەر کەسێک نی چاودێری، یارمەتی ماڵەوە یاخود یارمەتی گەڕەک. دەتوانرێت بۆ مەبەستێکی دیاریکراو ئەو بڕە داواکبرو تێدەتوانرتا تێ 30 ی حوزەیرانی ساڵی وداتر بڕە پارە بەکارنەهێنراوەکانی ساڵی خزمەتگوزارییەکا پێشوو بەکاربهێنرێت پارەیە لەبەمیی چاودێریەوە |
| چاودێری پاراستن | ئەگەر چاودێریکەر نەتوانێت چاودێری پێشکەش بکات، بۆ نموونە لەبەر ئەوەی لە پشوودان یاخود نەخۆشن، ئەوا دەتوانرێت پارە بۆ کەسێکی جێگرەوە لە چاودێری پشوودان وەربگیرێت. |
| چاودێری ماوە-کورت | چاودێری کورتخایەن ماوەیەکی کاتییە کە تێیدا کەسێک کە پێویستی بە چاودێری هەیە لە خانەی بەساڵاچووان چاودێری دەکرێت. ئەمە بە شێوەیەکی سەرەکی کاتێک بەکاردەهێنرێت کە چاودێیکەر ناتوانێت بۆ ماوەیەکی کورت چاودێری پێشکەش بکات. |
| بڕی هاوبەشی ساڵانە | منداڵان، هەرزەکاران و گەنجانی پێگەیشتوو تا تەمەنی 25 ساڵ کە خاوەنی ئاستی چاودێری 4 یان 5ن دەتوانن داوای هەردوو چاودێری پشوودان و چاودێری کورتخایەن بکەن. |
| پاڵپشتییەکانی چاودێری و باشترکردنی ژینگەی ژیانکردن. | پاڵپشتییەکان یارمەتیدەرن لە بەردەوامیدان بە ژیانی ڕۆژانە. پاڵپشتییەک بریتییە لە، بۆ نموونە، کورسییەکی ئیفلیجی یاخود جێگەخەویکی چاودێری (هاوکاری تەکنیکی) و دەمامکێکی دەموچاو یاخود پارێزەرێک بۆ جێگەخەوەکە (یارمەتییە بەکارهێنراوەکان). دەتوانرێت پاڵپشتییەکان لە بیمەی چاودێرییەوە بە قەرز وەربگیرێت. ئەگەر تۆ خۆت پاڵپشتییەکان بکڕیت، ئەوا بیمەی دڵنیایی چاودێری بەشێک لەو خەرجییانە لەئەستۆدەگرێت.<br>باشترکردنی ژینگەی ژیانکردن واتای ئەوەیە کە دەبێت ماڵەکە دەستکاری بکرێت یان بگۆڕدرێت بۆ ئەوەی ژیانی ڕۆژانە لە ماڵەکەی خۆتدا ئەستەم نەبێت. دڵنیایی چاودێری دەتوانێت پشتگیری دارایی بۆ ئەم بابەتە دابین بکات. |
| دڵنیایی کۆمەڵایەتی **بۆ چاودێریکەر** | لە ژێر هەندێک مەرجی دیاریکراودا، چاودێریکەران بژاردەی دڵنیایی بەبێ بەرامبەریان بۆ چاودێریکردن هەیە. |
| دەرماڵەی پشتگیری چاودێری | ئەگەر دۆخی چاودێری بە چڕی بگۆڕێت، بۆ نموونە. لەبەرئەوەی کەسێک کەوتووە، چاودێریکەرانی خێزان دەبێت بە خێرایی مامەڵە بکەن. بۆ ئەم جۆرە حاڵەت و باروودۆخانە، دەتوانیت دەرماڵەی پشتگیری چاودێری وەربگریت. |
| **بەشی نیشتەجێکردن / ژیانکردنی هاوکاریکراو** | |
| چاودێری نیشتەجێبوون (لە ماڵێکدا) | لەگەڵ چاودێری نەخۆشخانەی ناو نەخۆشخانە، ئەو کەسەی کە پێویستی بە چاودێری هەیە لە خانەی چاودێریدا دەژی و لەلایەن ستافی شارەزاوە لە هەموو کاتێکدا چاودێری دەکرێت و گرنگی پێدەدرێت. |
| **گروپەکانی نیشتەجێبوونی دەرەوەی نەخۆشخانە** | لە گروپەکانی نیشتەجێبوونی دەرەوەی نەخۆشخانەدا، ئەو کەسانەی کە پێویستییان بە چاودێری هەیە دەتوانن لە شوقەیەکی هاوبەشدا بژین. ئا لەوێ لەلایەن خزمەتگوزاری چاودێری دەرەوەی نەخۆشخانەوە چاودێری دەکرێن. |
| **ئامۆژگاری** | |
| چاودێری گشتی **و** خولەکانی چاودێریکردن | ڕاوێژکاریی چاودێریکردن بریتییە لە گفتوگۆ. هیچی تێناچێت. ئامۆژگاری خزمەتگوزاری یارمەتیدەرە لە ڕێکخستنی چاودێری. خولی چاودێریکردن بریتییە لە بەرنامەیەکی پەروەردەیی بۆ چاودێریکەرانی خێزان. ئەمە خۆبەخشانە و بێ پارەیە. |

Übersetzung finanziert durch:
Ministerium für Kinder, Jugend, Familie, Gleichstellung, Flucht und Integration des Landes Nordrhein-Westfalen

Inhalte erstellt durch:
Regionalbüros Alter, Pflege und Demenz
Eine gemeinsame Initiative zur Strukturentwicklung der Landesregierung und der Träger der Pflegeversicherung NRW

Gefördert von:
Ministerium für Arbeit, Gesundheit und Soziales des Landes Nordrhein-Westfalen
LANDESVERBÄNDE DER PFLEGEKASSEN
PKV Verband der Privaten Krankenversicherung